بافڵ تاڵبانی سەردانی فەرماندەیی هێزەکانی کەماندۆی کوردستانی کرد



بافڵ تاڵبانی، سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی فەرماندەیی هێزەکانی کەماندۆی کوردستانی کرد و لەلایەن دیار عومەر، فەرماندەی هێزەکانی کەماندۆ و ژمارەیەک لە ئەفسەرانەوە پێشوازیلێکرا.

بەگوێرەی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەکۆبوونەوەدا فەرماندەی هێزەکانی کەماندۆ نەخشەڕێگا و هەنگاوی داهاتووی هێزەکانی لە ڕاپەڕتەکدا ڕوونکردنەوەو جەختی لە ڕەکخستن و بەهێزترکردنی توانا سەربازییەکان کردەوە تاوەکو بەهەموشێوەیەک ئامادەی پاراستنی کوردستان و ژیانی خەڵکەکەی بن.

لەدرێژەی کۆبوونەوەکەدا بافڵ تاڵبانی ستایشی هێز و ماندووبوونی هێزەکانی کەماندۆی کوردستانی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و پاراستنی سەقامگیریی کوردستان و ڕایگەیاند، ئەرك و بەرپرسیارێتیی ئەمنیی هاوشانی هێزە ئەمنیەکانیتری کوردستان لە هەڵوێستان بۆ چەسپاندنی یاسا و پاراستنی ئاسایشی کوردستان بەردەوامبن، فراوانکردنی هاوکاری و هەماهەنگییەکانیشتان فاکتەری

بەهێزی و سەرکەوتنتانە.

سەرکەوتنێکی باش ئاماژەی بۆشکرد، ژیان و ئارامیی خەڵکەکەمان لەسەروو هەموشتێکەوەیە، بۆیە پێویستە دەستکەی پەیامێن بن بە رووبووونەوەی یاساشکێنان و هیچ بوارێك بە تێکدانی ئاسایش و سەقامگیریی هەرەمەکەمان مەهێنەوە.